# سایكۆلۆژیای گواستنەوەی كاریگەری فێربوون

د. كەریم شەریف قەرەچەتانی
(زانكۆی سلێمانی- كۆلێژی پەروەردەی بنیات)

گواستنەوەی كاریگەری فێربوون یەكێكە لە بابەتە گرنگەكانی دەروونزانی پەروەردەیی و ڕۆڵی گرنگی لە بواری پەروەردە و فێربووندا هەیە، چونكە نابێت بەردەوام مرۆڤ بۆ هەر كێشەیەكی نوێ ڕاهێنان بكات و هەوڵی فێربوون بدات، بەڵكو بۆ چارەسەركردنی زۆر گرفتی نوێ، سوود لە زانیاری و شارەزایی و فێربوونەكانی ڕابردووی وەردەگرێ، سوود وەرگرتن لە فێربوونی ڕابردوو بۆ چارەسەكردنی گرفتی نوێ، بە گواستنەوەی كاریگەری فێربوون (إنتقال أثر التدریب) ناودەبرێت واتە فێرخواز فێری زۆر چەمک و پرەنسیپ و یاسا و ڕێسا دەبێت و دواتر سوود لەو چەمک و پرەنسیپ و یاسا و ڕێسایانە وەردەگرێت و بۆ چارەسەركردنی گرفتی نوێ و فێربوونی شتی تر بەكاریان دەهێنێ، ئەم سوود وەرگرتنە لە بەرژەوەندی فێرخوازە، لەبەر ئەوە زۆر پێویستە بایەخ بە گواستنەوەی كاریگەری فێربوون بدرێت. گواستنەوەی كاریگەری فێربوون دیاردەیەكە (ظاهرة) لەسەر بنەما و گریمانی ئەوەی كە (فێرخواز كاتێک فێری شارەزایی و زانیارییەک دەبێت، ئەوە دەتوانێت ئەو زانیاری و شارەزاییە بۆ كات و شوێنێكی تر بگوێزێتەوە و بۆ فێربوونی شتی نوێ سوودیان لێوەربگرێ، بنیاد نراوە. پرۆسەی پەروەردە و فێركردنیش هەر لەسەر گریمان و بنەمایەكی وەک ئەوەی پێشەوە بنیادنراوە واتە (فێرخواز ئەو شتەی كە لەناو چوارچێوەی قوتابخانەدا فێری دەبێت ئەوە بۆ زۆربەی بوارەكانی ژیان لە دەرەوەی قوتابخانە دەیگوێزێتەوە)، چونكە ئامانجی سەرەكی فێركردن بریتییە لە ئامادەكردنی فێرخواز بۆ داهاتوو پاشەڕۆژ و بنیادنانی كەسایەتی هەر لەبەر ئەوەشە كە هەردوو زانا

(پرسی و ڕۆبنسۆن) گوتوویانە (ئەگەر شتێک هەبێت ناوی پەروەردە بێت، ئەوە دەبێت کاریگەری ئەو پەروەردەیە هەبێت و ئەو کاریگەریەشی بۆ بوارەکانی ژیان بگوێزرێتەوە) (الازیرجاوی، ١٩٩١، ص١٤٢-١٤٣)، کەواتە پێوەندییەکی بەهێز لەنێوان پەروەردە و ژیان لەلایەک و فێربوونی کۆن و نوێ لەلایەکی ترەوە هەیە، چونکە هیچ فێربوونێکی نوێ بەبێ فێربوونی کۆن نابێت، واتە زانیاری و شارەزایی و فێربوونی کۆنی عەمبارکراوی ناو کۆئەندامی یادکردنەوە دەبن بە بنەما و سەرچاوەی فێربوونی نوێ، ئینجا کاتێک بۆ فێربوونی نوێ سوود لە زانیاری و شارەزاییەکانی کۆن وەردەگرین، ئەوە مانای ئەوەیە کە فێربوونی کۆن کاریگەری لەسەر فێربوونی نوێ هەیە و ئەو کاریگەریەشی دەگوێزرێتەوە، بەم پرۆسەیەش دەگوترێت، گواستنەوەی کاریگەری فێربوون و ڕاهێنان، هەندێک جار ئەو گواستنەوەیە، نێگەتیف و هەندێک جاریش پۆزەتیف دەبێت، واتە کاتێک فێری شتێک دەبین و دواتر ئەو شتەی فێری بووین دەبێت بە یارمەتیدەر بۆ فێربوونی شتێکی تر، ئەوکاتە گواستنەوەکە پۆزەتیف و باش دەبێت، بەڵام کاتێک فێری کارێک یان چالاکییەک دەبین و دواتر ئەو کار و چالاکییە دەبێت بەرێگر و بەربەستێ لە بەردەم فێربوونی کار و چالاکییەکی تر، ئەوە ئەو کاتە گواستنەوەکە نێگەتیف و خراپ دەبێت، کەواتە دەتوانین جۆرەکانی گواستنەوەی کاریگەری فێربوونی (ڕاهێنان) بەم شێوەی خوارەوە پۆلێن بکەین:

(١) گواستنەوەی پۆزەتیف و باش (الإنتقال الإیجابی): ئەم جۆرە گواستنەوەیە بریتییە لە ئەوەی کە کاتێک فێرخواز فێری کار و ئیشێک یان ئاراستە و ڕاو بۆچوونێک دەبێت، دواتر ئەو کار و ئیشە یان ئاراستە و ڕاوبۆچوونە دەبن بە بنەما بۆ فێربوونی کار و چالاکی و ڕاوبۆچوونێکی تر، ئەوکاتە جۆری گواستنەوەکە پۆزەتیف و باش دەردەچێت لەبەر ئەوەی فێربوونی کۆن دەبێت بە بنەما و یارمەتیدەر بۆ فێربوونی نوێ.

بۆ نموونە کاتێک فێرخواز فێری پرۆسە و کرداری کۆکردنەوە دەبێت و دواتر بۆ فێربوونی جاران (ضرب) سوود لە کرداری کۆکردنەوە وەردەگرێت، یان کاتێک مرۆڤ فێری لێخوڕینی ماشێنی بچووک دەبێت و دواتر سوود لەو شارەزایی و زانیاریانەی لێخوڕینی ماشێنی بچووک بۆ فێربوونی لێخوڕینی ماشێنی گەورە وەردەگرێت، یان کاتێک فێری بیرکاری دەبێت و سوود لە بیرکاری بۆ فێربوونی فیزیا وەردەگرێت، سەرجەم ئەوانەی سەرەوە دەچنە خانەی گواستنەوەی پۆزەتیف و باش، لەبەر ئەوەی فێربوونی یەکەم جار دەبێت بە یارمەتیدەر بۆ فێربوونی دووەم.

(٢) گواستنەوەی نێگەتیف و خراپ (الإنتقال السلبی): مەبەست لە ئەم جۆرە گواستنەوە ئەوەیە کە فێربوونی یەکەم جار (پێشوو) دەبێت بە ڕێگر و بەربەست لەبەردەم فێربوونی دووەم جاردا (داهاتوو). بۆ نموونە کاتێک یەکێک فێری لێخوڕینی ماشێنی گێڕ ئاسایی (عادی) دەبێت و دواتر دەیەوێ ماشێنی گێڕ ئۆتۆماتیکی لێخوڕێ، ئا لەم کاتەدا زۆرجار بەهەڵە پێ بە برێکدا دەنێ، وا دەزانێ کلاجەکەیەتی یان بە پێچەوانەوە پێشتر فێری لێخوڕینی ماشێنی ئۆتۆماتیکی بووە و ئێستاش دەیەوێ فێری لێخوڕینی ماشێنی گێڕ ئاسایی (عادی) ببێت، ئا لەم کاتەدا زوو زوو ئۆتۆمبیلەکە بە دەستیەوە دەکوژێتەوە لەبەر ئەوەی کلاچ ناکات و وادەزانێت گێڕ ئۆتۆماتیکییە و کلاجی نییە ئا لەم حاڵەتەدا گواستنەوەکە نێگەتیف و خراپ دەبێت، لەبەر ئەوەی فێربوونی پێشوو (لێخوڕینی ماشێنی ئۆتۆماتیکی) دەبێت بە ڕێگر و بەربەست لەبەردەم فێربوونی دواتر (لێخوڕینی ماشێنی گێڕ ئاسایی و عادی).

(٣) نەبوونی کاریگەری گواستنەوە (إنعدام الإنتقال): ئەم جۆرە گواستنەوەیە بریتییە لە ئەو حاڵەتانەی کە هیچ پێوەندییەک لە نێوان فێربوونی پێشوو و فێربوونی داهاتوودا نییە.

واتە نە کاریگەری نێگەتیف و نە کاریگەری پۆزەتیڤی نییە و فێربوونی یەکەم جار نە بە باش نە بە خراپ کاریگەری لەسەر فێربوونی دووەم جار نییە.

ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرییان لەسەر گواستنەوەی پۆزەتیف هەیە.

(١) چوون یەکی: چوون یەکی یەکێکە لەو هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی گواستنەوەی پۆزەتیف، واتە کاتێک ناوەرۆکی بابەت و جۆری شارەزایی و ئەرکەکەی یەکەم جار چوون یەک بێت لەگەڵ ناوەرۆکی بابەت و جۆری شارەزایی و ئەرکی دووەم جار، ئەوە گواستنەوەکە

کاریگەر دەبێت و فێربوونی یەکەم جار سوودمەند دەبێت بۆ فـێـربوونی دووەم جـار هەروەها کـاتێک شـێـوازی وانەگوتنەوەی فـێربوونی پێشـوو وەک ڕێبـاز و شێـوازی وانەگوتنەوەی فێربوونی دواتر دەبێت، ئەوکاتەش جۆری گواستنەوەکە باش و پۆزەتیڤ دەبێت.

(٢) بڕی ڕاهێنان: هەتاوەکـو ڕاهێنان و فـێـربوونی یەکـەم جـار زۆر بێت و چەندین جـار دووبارە ببـێـتـەوە، ئەوەندە فـێـربوونی پێـشـوو کـاریگەری باشی لەسـەر فێربوونی داهاتوو دەبێت. بۆ نموونە ئەگەر فێرخواز لەناو قـوتابخـانە ڕاهێنانی زۆری لەسـەر پرۆسـە و کـرداری (کۆکردنەوە و لێدەرکردن و جاران و دابەش کردن) کرد و بە تەواوی لێیان تێگەیشت، ئەوە دەتوانێت لە داهاتوودا بە باشی سـوود لەو پرۆسـە و کـردارانە وەربگرێت و لە ژیانی ڕۆژانە و لەکاتی کڕین و فرۆشتن و مامەڵەکردندا بەکاریان بهێنێ.

ڕێژەی زیرەکی: تا فـێرخواز زیرەک و لێهـاتوو بێت و ڕێژەی زیرەکی بەرزبێت ئەوەندە فـێربوونەکـانی پێـشـووی کاریگەری باشیان لەسەر فێربوونەکانی داهاتووی دەبێت و پێچەوانەکەشی ڕاستە.

حەز و ئارەزوو: هەتاوەکوو فێرخواز حەز و ئارەزووی لە بابەتێک هەبێت ئەوەندە بە باشی فـێـربوون و ڕاهێنانی یەکەم جار کاریگەری لەسەر فێربوون و ڕاهێنانی دووهەم جـاری دەبێت. (الخـوالده و عـیـد، ٢٠٠٥، ص٢١٠)

لێک چوونی ورووژێنەرەکـان: تاوەکـوو وروژێنەرەکـان لەیەک بچن و لە یەکەوە نزیک بن ئەوەندە گواسـتنەوەی کاریگەری فێربوون زیاتر دەبێت.

بۆ نموونە، کاتێک منداڵ فێری ترس دەبێت لە مشکی سپی، ئەوە لە داهاتوودا گـشـتـانـدن (تعـمـیم) بۆ ئەو ورووژێنەرە دەکات و لەسەرجەم ئەو شتانە دەترسێت کە وەک ورووژێنەری یەکەم جار (مشکی سپی) وان. واتە لە پشـیلە و سـەگ و کـەروێشکی سـپـیش دەترسـێت. ئەمەش مانای وایە کە کاریگەری فێربوونی یەکەم (ترس لە مشکی سپی) گواستراییەوە بۆ داهاتوو و فێربوونی تر (ترسان لە کەروێشک و پشیلەی سپی). ئینجا ئەگەر بمانەوێت فێربوون سوودمەند بێت و پرۆسەی پەروەردە و فـێرکردن بە قـازانجی فـێرخـواز تەواو ببـێت، ئەوە دەبێت ڕەچاوی ئەو پرەنسپ و خاڵانەی سەرەوە بکرێت و دەبێت ئەو بابەت و چالاکییانەی کە فێرخواز فێریان دەبێت، لە واقیعدا بوونیـان هەبێت و لە ژیانی ڕۆژانەی فێرخوازەوە نزیک بن، بۆ ئەوەی کاریگەرییەکانیان بۆ ژیانی واقیعی و ڕۆژانە بگوێزرێتـــەوە و بە قـــازانجی فـــێـــرخـــواز و دەوروبەرەکەی تەواوببێت.

لە لایەکی تریشەوە هەموومان باش دەزانین کە فێرخواز ماوەیەکی کەم لە قوتابخانە و خوێندنگە دەوام دەکات و زۆربەی کـاتەکـانی تری لە دەرەوەی قـوتابخـانەیە، ئینجـا ئەگـەر خـوێندنی ئەو مـاوە کـەمـە سـوودمـەند نەبێت و کـاریگەری لەسـەر داهاتوو نەبێت، ئەوە مـانـای ئەوەیە کە قوتابخانە ڕۆڵی خۆی نەگێڕاوە.

ئامـارەکـان ئامـاژە بۆ ئەوە دەکـەن کە فـێرخـواز نزیکەی (٩٠٠) نۆسـەد کـاتژمـێـر لە سـاڵێکدا لەناو خـوێندنگە بەسەردەبات (بێگومان لە وڵاتی ئێمە کەمتریشە) کە ئەو (٩٠٠) کـاتژمـێـرەش یەکـسـانە بە (١٠٪) هەمـوو کاتەکـانی، واتە (٩٠٪) تەمەنی لە دەرەوەی خـوێندنگە (بە خـەوتن و نان خـواردن و یاری و گـەڕان و چالاکی هەمەجۆری ترەوە) بەسەر دەبات.

هەرچەندە ئەو (١٠٪) زۆر کـەمـە، بەڵام ئەگـەر بە باشی بەکاربهێنرێت و لە ناو چوارچێوەی قوتابخـانەدا سوودیان لێوەربگیرێ ئەوە کـاریگەری باشـیـان لەسـەر کەسایەتی و پاشەڕۆژی فێرخواز دەبێت و ئەو فێربوونەی ناو قـوتابخـانەیان بۆ دەرەوەی دەگـوێزنەوە (تریفـرز، ١٩٧٩ ص١٩٢).

گواستنەوەی کاریگەری فێربوون تەنیا لایەنی ئەکادیمی و عـەقڵی ناگرێتەوە، بەڵکو سەرجەم لایەنەکـانی تریش (هەڵچوونی، کۆمەڵایەتی، ئاکاری) دەگرێتەوە.

بۆ نموونە کـاتێک فـێرخواز ڕاوبۆچوونێکی نێگەتیڤ و خراپ یان پۆزەتیڤ و باشی دەربارەی بابەتێکی خوێندن لە ناوەندی هەیە، ئەوە دوور نیـیـە هەمـان ڕاوبۆچوونی دەربارەی هەمـان بابەت لە زانکۆش هەبێت، واتە لەگـەڵ خۆی بۆ قۆناغەکانی تری خوێندنی بیگوێزێتەوە.

تیـۆرەکـانی گـواسـتنەوەی کـاریگەری فـێـربوون: ڕاوبۆچوون و لێکدانەوەی جیـا جیـا بۆ گـواسـتنەوەی کاریگەری فێربوون هەیە و هەریەکەیان لە گۆشە نیگای تایبـــەت بە خـــۆیەوە ئەو دیاردەی لێکداوەتەوە. لە گرنگترین تیۆرەکان ئەمانەی لای خوارەوەن:

(١) تیـۆری توانا ئەقـڵـیـیـەکـان (نظرية الملكات العقلية) بەپێی ئەم تیۆرە ئەقڵی مرۆڤ لە چەند توانا و

(ملكة) پێک دێت و لە ڕێگەی ڕاهێنان و فێربوونی زەحمەت و گرانەوە گەشە بە ئەو توانا و (ملكة)انە دەکرێن، کە هاوشێوەی ڕاهێنان و بەهێزکردنی ماسوولکەکانی لەشی مرۆڤە، واتە مێشکی مرۆڤ لە تواناکانی وەک (بیرکردنەوە، یادکردنەوە، بە ئاگایی، خەیاڵ و ئیرادە...هتد) پێک دێن و هەریەک لەو توانستانە تایبەتمەندی خۆی هەیە و سەربەخۆیە و پێوەندی بە توانستەکانی ترەوە نییە. بۆ نموونە یادکردنەوە پێوەندی بە بیرکردنەوەوە نییە و ئەگەر توانیمان لە ڕێگەی لەبەرکردنی بابەتی مێژوویی و زمانی لاتینی و هۆنراوە و ئەدەبەوە یادکردنەوە بەهێز بکەین، ئەوە لە داهاتوودا یادکردنەوە لە هەموو بوارەکانی تریشدا بەهێز دەبێت. بە بۆچوونی ئەم تیۆرە گواستنەوەی کاریگەری فێربوون بە ڕاهێنان و بەهێزکردنی ئەو توانستانەوە پەیوەستە، ئینجا چەند ئەو توانستانە بەهێز بکەین، ئەوەندە گواستنەوەی کاریگەری فێربوون لە هەموو بوارەکانی تردا لە داهاتوودا زیاتر دەبێت. مامۆستای سەرکەوتووش ئەوەیە کە بە دوای ئەو ڕاهێنان و بابەتانەدا بگەڕێ کە دەبنە هۆی بەهێزکردنی ئەو توانستانە، چونکە هەر توانستە و بابەتی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ گەشە پێکردنی.

بەڵام ئەو توێژینەوانەی کە لەسەرەتای سەدەی بیستەم بە ئاکام گەیەنران بۆچوونەکانی ئەم تیۆرەیان پووچەڵ کردەوە و گەیشتنە ئەم دەرئەنجامانەی لای خوارەوە:

أ- مێشک و ئەقڵی مرۆڤ لە کۆمەڵێک توانستی جیاجیا و سەربەخۆ پێک نەهاتووە، بەڵکو توانستە ئەقڵییەکان هەموویان پێکەوە کاردەکەن و کاریگەرییان لەسەر یەکدی هەیە.

ب- گواستنەوەی کاریگەری فێربوون بەشێوەیەکی گشتی و سەرتاسەری نییە، بەڵکو بەشێوەیەکی تایبەتییە، واتە ڕاهێنان لەسەر هۆنراوە تەنیا دەبێتە هۆی گواستنەوەی کاریگەری بۆ بواری هۆنراوە نەک بۆ هەموو بوارەکانی تری ئەدەب و هونەر، هەروەها ڕاهێنان لەسەر لەبەرکردن نابێتە هۆی پترکردنی توانای یادکردنەوە (ملحم، ٢٠٠٦، ص٥١٢) (القضاە والترتوری، ٢٠٠٦، ص٢٠٤).

ج- لە لایەکی ترەوە هیچ پێوەندییەکی زانستی لە نێوان قورسی و گرانی بابەتی خوێندن و قازانجی ئەقڵی و زۆر فێربووناندا نییە، هەروەها ڕاهێنان و تێگەیشتنی هەژمارکردن (حساب) هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر چارەسەرکردنی گرفتەکانی تر نییە کە کرداری هەژمارکردنیان تێدا نەبێت.

د- تیۆری ڕەگەزە هاوبەش و لێکچووەکان (سۆرندایک)

بەپێی ئەم تیۆرە کاتێک فێربوون و ڕاهێنان کاریگەرییان دەبێت و بۆ فێربوونی داهاتوو دەگوێزرێتەوە و سوودمەند دەبێت، کە ڕەگەز و پێکهاتەکانی فێربوونی یەکەم جار و فێربوونی دووەم جار وەک یەک بن یان لە یەکەوە نزیک بن، بەڵام تا ڕەگەزەکان و پێکهاتەکانی هەردوو حاڵەتەکە لە یەکەوە دووربن، ئەوە فێربوون و ڕاهێنانی یەکەم کاریگەری لەسەر فێربوون و ڕاهێنانی دووەم نابێت، مەبەست لە ڕەگەز و پێکهاتەکان (ئامانج و شێوازی وانەگوتنەوە و ناوەڕۆکی پرۆگرام و ڕێبازەکانی وانەگوتنەوەیە.. هتد). بۆ نموونە فێربوونی چاپکردنی ئینگلیزی یارمەتیدەرە بۆ فێربوونی چاپکردنی نووسراوی عەرەبی لەبەر ئەوەی زۆر ڕەگەزی هاوبەش لە نێوان ئەو دوو جۆرە چاپکردن و چالاکییەدا هەیە. هەروەها فێربوونی ژەنینی ئامێرێکی مۆسیقا دەبێت بە بنەما و یارمەتیدەر بۆ فێربوونی ژەنینی ئامێرێکی تری مۆسیقا، واتە کاتێک ورووژێنەرەکان و وەڵامدانەوەکان لە نێوان هەردوو جۆرە فێرکردنەکەدا هاوبەش و لێکچوو دەبن، ئەوە گواستنەوەی کاریگەری فێربوون زیاتر دەبێت.

(٣) تیۆری گشتاندن (نظرية التعميم)

بەپێی ئەم تیۆرە گواستنەوەی کاریگەری فێربوون لە ڕێگەی فێربوون و تێگەیشتنی پرەنسیپ و بنەما و یاسا و ڕێساکانەوە ڕوودەدات واتە کاتێک فێرخواز فێری چارەسەرکردنی گرفتێک دەبێت ئەویش لە ڕێگەی زانینی پرەنسیپ و یاسا و ڕێساکانی چارەسەرکردنی گرفتەکانەوە، ئەوە دواتر دەتوانێت لە ڕێگەی هەمان پرەنسیپ و یاسا و ڕێساوە چەندین گرفتی تر چارەسەر بکات کە لە گرفتی یەکەم جار جیاوازن، بۆ نموونە کاتێک فێرخواز فێری کرداری کۆکردنەوە و لێدەرکردن دەبێت، ئەوە دواتر دەتوانێت زۆر ژمارەی تر بەکاربهێنێ و کرداری کۆکردنەوە یان لێدەرکردن بە ئاکام بگەیەنێ، واتە هەر جارەی چەندەها ژمارەی جیاواز لە جارەکانی تر بەکاردەهێنێ، بەڵام هەمان پرەنسیپ و یاسا و ڕێسای

کـۆکـردنەوە و لێـدەرکـردن لە هەمـوو جـارەکـان بەکاردەهێنێت: هەروەها کاتێک منداڵ فـێری چەمکی ئاژەڵ دەبێت و سەگ دەناسێتەوە.

ئەوە دواتر هەر چ سەگێک ببینێ (ئیتر بارستایی و شێوە و ڕەنگیشی) جیاواز بێت، ئەوە هەر دەیناسێتەوە و بەپێی چەمکی ئاژەڵ (سەگ) مامەڵەی لەگەڵ دەکات.

کـەواتە بەپێی ئەم تیـۆرە، ئەو فـێـربوون و ڕاهێنانە سـەرکـەوتوو کـاریگەر دەبێت و دەگـوێزرێتـەوە و لە داهاتوودا زۆر سوود بەخش دەبێت کە پشت بە فێربوون و تێگەیشتنی پرەنسیپ و چەمک و یاسا و ڕێساکان دەبەستێت، نەک پشت بە (دەرخ) کردن و ئەزبەرکردن ببەستێت.

لەبەرئەوە زۆر گرنگە مامۆستا بە شێوازێک وانە بڵێتەوە کەوا لە فێرخواز بکات لە پرەنسیپ و بنەماکانی بابەتەکە تێبگات و بتوانێت لە داهاتوودا گشتاندن بۆ ئەو پرەنسیپ و یاسا و ڕێسایانە بکات و بەسەر دیاردە و گرفتەکانی تردا پراکتیزەیان بکات، واتە تێگەیشتنی چوارچێوە و چەمکە گشتییەکان و پراکتیزەکردنیان بەسەر بەش و دیاردە بچووکەکان کە بەشێکن لەو چەمکە گشتییە و چوارچێوە بەرفراوانە. بۆ نموونە کاتێک فێرخواز لەو ڕاستییە تێدەگات کە (هەموو کانزاکان بە گەرما دەکشێن) (یاسا و ڕێسایەکی گشتی). دواتر هەر کانزایەک ببینێ ئەوە دەتوانێت پێشبینی ئەوە بکات کە هەرچ کانزایەک گەرمی بکەیت ئەوە دەکشێ (ئاسن، بەش). لەبەر ئەوە زۆر گرنگە مامۆستا هەوڵبدات کە فێرخواز والێبکات شارەزای پێوەندی نێوان دیاردە و بەشەکان ببێت و بزانێت پرەنسیپ و بنەما گشتییەکان کامانەن کە هەموو ئەو دیاردە و بەشانە بەیەکەوە دەبەستێتەوە و هەموویان لەژێر چەترێکدا کۆدەکاتەوە، بەڵام تەنیا بایەخدان بە بەشە بچووکەکان و تێگەیشتنی دیاردە پچڕپچڕ و پەرت و بڵاوەکان بەبێ دۆزینەوەی پێوەندی نێوانیان و تێگەیشتنی پرەنسیپ و یاسا و ڕێساکان، هیچ سوودێکی زانستی نابێت و کاریگەری لەسەر فێربوون و ڕاهێنانەکانی داهاتوو زۆر لاواز دەبێت. شایانی ئاماژە بۆ کردنە کە دەوڵەمەندی زمان و تێگەیشتنی چەمک و زاراوەکان بایەخی زۆریان لە گشتاندن و تێگەیشتنی یاسا و ڕێساکان هەیە.

(٤) تیۆری (ورووژێنەر – وەڵامدانەوە):

بە بۆچوونی ئەم تیۆرە گواستنەوەی کاریگەری فێربوون بە گشتاندنی (ورووژێنەر– وەڵامدانەوە) پێوەستە، واتە کاتێک فێرخواز فێری پێوەندی نێوان (ورووژێنەر) و (وەڵامدانەوە) دەبێت، ئەوە دواتر ئەگەر ڕێکەوتنی هەمان ورووژێنەر یان ورووژێنەری نزیک و هاوشێوەی ورووژێنەری یەکەم جاری کرد، ئەوە هەمان وەڵامدانەوەی یەکەمجاری بۆ ئەو ورووژێنەرە نوێیە دەبێت، واتە کاریگەری فێربوونی پێشوو (زانینی پێوەندی نێوان ورووژێنەر و وەڵامدانەوە) لەسەر فێربوونی داهاتوو دەردەکەوێت و کاریگەری یەکەمجار بۆ فێربوونی دووەم جار دەگوێزرێتەوە. ئینجا هەتاوەکوو ورووژێنەرەکانی داهاتوو نزیکتر و زیاتر هاوشێوەی ورووژێنەری یەکەمجار بێت ئەوە کاریگەری فێربوونی پێشوو لەسەر فێربوونی داهاتوو زیاتر دەبێت، بەڵام تا لەیەک جیاواز بن ئەوە ئەوەندە کاریگەرییەکە لاواز دەبێت.

هەر لەبەر ئەوەشە پەروەردیارەکان داوای ئەوە دەکەن، کە تا دەتوانرێت دەبێت بەرنامە و پرۆگرام و چالاکییەکانی ناو قوتابخانە ڕەنگدانەوەی جیهانی دەرەوە بێت، بۆ ئەوەی کاریگەری فێربوونی ناو خوێندنگە لەسەر کێشە و گیروگرفت و دیاردەکانی جیهانی واقیعی و ژیانی ڕۆژانە زۆر بێت و خوێندن و ماندووبوونی فێرخواز بە فیڕۆ نەڕوات.

بۆ نموونە کاتێک فێرخواز فێری (٦ × ٧= ٤٢) دەبێت، ئەوە جاری دووەم فێربوونی (٧ × ٦ = ٤٢) ئاسانتر دەبێت، چونکە چوون یەکییەکی زۆر لە نێوان ورووژێنەری یەکەم جار (٦ × ٧) و ورووژێنەری دووەم جار (٧ × ٦)دا هەیە و هەردووکیشیان هەمان وەڵامدانەوەیان (٤٢) هەیە ئا لەم کاتەدا کاریگەری فێربوونی یەکەم لەسەر فێربوونی دووەم هەیە و جۆری گواستنەوەکەش (پۆزەتیڤ و باشە). بەڵام کاتێک ورووژێنەر و وەڵامدانەوەی یەکەم جار (٥+ ٢+ ٣= ١٠) لە ورووژێنەر و وەڵامدانەوەی دووەم جار (ن+ ا+ ن= نان) جیاواز دەبێت، ئەوە ئەوکاتە کاریگەری فێربوونی یەکەم جار بۆ فێربوونی دووەم جار ناگوێزرێتەوە، لەبەر ئەوەی ورووژێنەر و وەڵامدانەوەکانی هەردوو جۆرە فێرکردنەکە لە یەکتری جیاوازن.

### ڕێگە و شێوازەکانی وانەگوتنەوە و گواستنەوەی کاریگەری فێربوون

پێوەندییەکی بەهێز لە نێوان ڕێگەکانی وانەگوتنەوە و گواستنەوەی کاریگەری فێربووندا هەیە، لەبەر ئەوە زۆر گرنگە کە مامۆستا پەنا بۆ ئەو شێواز و ڕێگەیانە ببات کە دەبنە هۆی گواستنەوەی کاریگەری فێربوون، بەتایبەتیش بایەخدان بەفێربوونی پرەنسیپ و چەمک و بنەما سەرەکییەکان و تێگەیشتنی ماناو ناوەڕۆک و دوورکەوتنەوە لە ئەزبەرکردن و عەمبارکردنی زانیارییەکان بەبێ تێگەیشتن، ئەویش لە ڕێگەی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

(١) بایەخدان بە پرەنسیپ و بنەما و چەمکەکان و هێنانەوەی جۆرەها نموونەی واقیعی بۆ تێگەیشتنی ئەو پرەنسیپ و چەمکانە و دۆزینەوەی پێوەندی لە نێوان بەشەکان.

(٢) هەوڵدان بۆ پراکتیزەکردنی پرەنسیپ و بنەما و یاسا و ڕێساکان لە ژیانی واقیعی، ئەویش لە ڕێگەی دابینکردن و ڕەخساندنی کەشوهەوا و ژینگەی گونجاو بۆ فێرخوازەکان تا ئەو پرەنسیپ و بنەمایانە لە واقیع و ژیانی ڕۆژانەدا جێبەجێ بکەن.

(٣) تەنیا دووبارەکردنەوە نابێتە هۆی گواستنەوەی کاریگەری فێربوون، بەڵکو چۆنێتی فێربوون و باشترین ئامراز بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان پێویستن، لەبەر ئەوە ئەرکی مامۆستایە، فێرخواز بەرەو ئەو ئاراستەیە ببات.

(٤) پێدانی نموونەی جۆراوجۆر بە فێرخواز، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەو نموونانەوە بگاتە دۆزینەوە و تێگەیشتنی پرەنسیپ و بنەما و مانای گشتی دیاردەکان.

(٥) بەکارهێنانی جۆرەها ڕێگە و شێوازی وانەگوتنەوە (گفتوگۆو دیالۆگ، سیمینار، کارکردن و چارەسەرکردنی گرفتەکان، لە بەشەوە بۆ کۆ و بەپێچەوانەوە، لە ئاسانەوە بۆ گران، لە هەست پێکراوەوە بۆ ئەبستراکت و نا هەست پێکراو و مەعنەوی... تاد.

### سوود و قازانجە پەروەردەییەکان:

بۆ ئەوەی فێربوون و پرۆسەی پەروەردە کاریگەری لەسەر کەسایەتی و پاشەڕۆژ و ژیانی واقیعی فێرخواز هەبێت و کاریگەری فێربوونی پێشوو بۆ فێربوونی داهاتوو بگوێزرێتەوە، دەبێت مامۆستا ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکات:

(١) مامۆستا چەند دەتوانێ هەوڵبدات کە چوون یەکی و هاوشێوەییەک لە نێوان فێربوونی ئێستای فێرخواز و ژیانی واقیعی و ڕۆژانەیدا بدۆزێتەوە.

بۆ ئەوەی لە داهاتوودا سوود لەو زانیاری و شارەزایی و بەرنامە و پرۆگرامانەی خوێندنی وەربگرێت.

(٢) پێویستە بایەخ بە دووبارەکردنەوە و ڕاهێنان بدرێت، لەبەرئەوەی چەند دووبارەکردنەوە و ڕاهێنان هەبێت، ئەوەندە کاریگەری گواستنەوە زیاتر دەبێت و لە داهاتوودا سوودی دەبێت.

(٣) پێویستە بایەخ بە مانای گشتی و بنەما و پرەنسیپ بدرێت سەرەڕای نموونە و گواستنەوە لە ئاسانەوە بۆ گران و لە سادەوە بۆ ئاڵۆز.

(٤) حەز و ئارەزوو، ڕاوبۆچوونی فێرخواز گرنگن و دەبێت مامۆستا لەبەرچاویان بگرێت، لەبەر ئەوەی بۆ گواستنەوەی کاریگەری فێربوون فاکتەری گرنگن.

(٥) دەبێت ئاگاداری کات و ماوەی نێوان فێربوونی یەکەم و فێربوونی دووەم بێ لەبەر ئەوەی تا ماوەو کاتەکەی نێوانیان زۆر بێت، ئەوەندە کاریگەری گواستنەوەی فێربوون کەمتر و لاوازتر دەبێت.

(٦) تاوەکو ڕێنمایی و ئامۆژگاری و ئاراستەکردن هاوشانی فێربوون بێت، ئەوەندە فێربوونی کۆن کاریگەری لەسەر فێربوونی تازەونوێ دەبێت.

(٧) دروستکردنی ژینگەی دەستکرد و هاوشێوەی ژینگەی واقیعی گرنگی خۆی هەیە، لەبەر ئەوە مامۆستا دەتوانێت لە گۆشەیەکی پۆلەکەیدا دوکان و پێشانگەیەکی دەستکرد بۆ فێرخوازەکان، دروست بکات و منداڵەکان فێری کڕین و فرۆشتن و مامەڵەکردنی ناو بازاڕ بکات، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لە ژیانی واقیعی و ڕۆژانەیاندا سوودی لێوەربگرن.

**سەرچاوە:**

**(١) تريفرز (١٩٧٩)، علم النفس التربوي، ترجمة (د. موفق الحمداني و د. حميد دلي الكربولي، كلية التربية/ جامعة بغداد/ وزارة التعليم العالي و البحث العلمي، عطيفية- جامعة بغداد.**

**(٢) الخوالده، ناصر أحمد و عيد، يحيى إسماعيل (٢٠٠٥)، مراعاة مبادئ الفروق الفردية، دار وائل للنشر، عمان/ الأردن.**